## چەپکە گوڵ لە پیرمام بوو نەک لە پایتەخت

حیزبەکان چوون لە پیرمام هاوپەیمانیان ئیمزاکردوە، لە هەولێری پایتەخت نەبوو. بێگومان ئەمەش هۆی خۆی هەبووە. هۆی سەرەکی ئاسایش بووە لە شارەکەدا، هەروەها موخابەراتی ئەمریکی تەنویەتی بە جیهازی گوێگرتن و چاودێریکردن، چاودێری هەموو شتێ دەکەن.

هەولێر شارێکی گەورەی ملیۆن دانیشتوانە، ئاسایش کردنی و زاڵ بوون بەسەریدا ئاسان نیە،، بە تایبەتی بۆ میللەتێ کە خاوەنی ئەزمونی بەڕێوەبردنی شاری گەورەی نەبێ و لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی زانیاری ئیداری نەبێ. کاتێک شارێک مەڵبەندی ئیداری سیاسی حکومەت و پەرلەمان بێ ئەوەندەی تر ئەو شارە گەورە دەبێت.خەڵکێکی زۆر رووی تێدەکات، کورد  بیری لەوانە نەدەکردەوە، بە شتی ترەوە سەرقاڵ بوو.

زوربەی وڵاتان پایتەختیان لە ناوەڕاستی وڵاتەکەدایە، لەبەر هۆی ستراتیژی. پایتەختیش دەگوێزرێتەوە و خەتی قورئان نیە. تورکیا کاتی خۆی لە ئەستەمبولەوە گوێزایەوە بۆ ئەنقەرە، هندستان گوێزایەوە بۆ نیودلهی، بەرازیل و ئوسترالیا لە شارێکی بچکۆلەدایە، کاتی خۆی ئێران لە رەی گوێزایەوە بۆ تارن.

لە کوردستان ئەم 14 ساڵەی دوایی لەبەر شەڕکردن و بەربەرەکانی لەگەڵ یەکتری  ئەیان پەرژایە سەر بیرکردنەوەی دروستکردنی پایتەختێکی ستراتیژی وەک مەڵبەندی دەسەڵاتی سیاسی بۆ کوردستان . هەریەک سەربە خێڵێک بوو ، خۆی کردبوو بە خێڵێکدا، خەریکی شەڕە خێڵ بوون و پارە دزین و تاڵانکردن و ماڵی میللەت خواردن. کەس بیری لە میللەت و ئایندەی میللەت نەدەکردەوە.

دەکرا شارێکی نوێ دروست بکرایە لە ناوەڕاستی کوردستاندا  بۆ مەڵبەندی سیاسی و ئیداری و ناوبنرایە شاری " ئازادی " ، باشترین شوێن  دەشتایی پشتی هەولێر بوو، شوێنێکی قایم و ستراتیژیە، لە نێوان چوارقوڕنە و خۆشناوەتی. ئەو ناوچەیەش دەبوژایەوە، شارێکی تر دروست دەبوو، بە ڕێگاوبان دەبەسترایەوە بە هەولێر و سلێمانی و دهۆک لە ناوەوەی کوردستان ،کوردستان ڕێگاوبانی ناوەوەی نیە، هەر هەموو شارەکان بەستراونەتەوە بە پایتەختی عێراقەوە، ڕیگاوبان بەرەو بەغدادە لەبەر هۆی ستراتژی. هەروەها لە کاتی شەڕدا دەپارێزرا و سوڵتەی سیاسی هەرەسی نەدەهێنا و ڕای نەدەکرد،  کاتی ئەوەیان دەبوو بکەونە سەرخۆ و ئەپەرژێن ، پەرش و بڵاو نەبنەوە. تا کارەکان بە ڕێکوپێکی بەڕێوەبەرن، لە هێمنیدا کار بکەن . ئەو کارەساتەی هەولێریش  لە مێژووی کرد دوبارە نەدەبووەوە کە حکومەتی عێراقی بە نیوسەعات بەرەبەیان لە خەودا بیانگرێت. دروستکردنی شارێکی وا کارێکی سەخت نیە، چەند خانویەکی وەزارەت  و پەرلەمانە، خەڵکەکە خۆی خانوی خۆی دروست دەکات. شارێکی هێمن دەبێت و کاری سیاسی بە ئاسانی تێدا دەکرێت، دوور لە گێرمە و کێشەی شاری گەورە و دابینکردنی ئاسایشی ئاسان دەبێت.

رزگار حەسەن